# بۆ لەخۆپیشاندان دەترسن

**فوئاد محەمەد ئەحمەد**
Fuad279@hotmail.com



یەك دوو ڕۆژە دەزگاكانی ڕاگەیاندن قسە لەسەر ئەوە دەكەن كەگوایە خوانەخواستە هێزەكانی بەناو ئاسایش لە پایتەختی هەرێم،رێگەیان لەخۆپیشاندانی خەلك گرتبێت و سەركوتیان كردبێت.
(چەند رۆژێكە دەزگاكانی دژی شۆڕش لەناوەو دەرەوەی وولات ،كە وتوونەتە بڵاوكردنەوەی پرووپاگەندەو درۆو دەلەسە بۆ ناشیرین كردنی حكومەتە شەكەت و ماندووەكەی هەرێم ،بەبێ ئەوەی هیچ دەلیلێكان هەبێت بۆ پشتیوانی قسەكانیان)، جگەلەوەی دوو پەیامنێری رادوێ (نەوا)و، ڕۆژنامەی (ئاسۆ)داركاری كراون و ئەو كۆمەلەش كەدەیان ویست خۆپیشاندان ساز بكەن لە لایەن هێزەكانی ئاسایشەوە میوان داری كران.
ڕۆژنامەی ئاسۆ وێنەیەكی بلاوكردووەتەوە لەپەیوەند بەو ڕووداوە ،تەنها وێنەی دەستێكە دەلێت ئە وە وێنەی دەستی شێرە كوڕانی ئاسایشە بە چاوی كامێراكەیانەوە
دوابە دوای ئەو هەوالانە پارێزگای هەولێر لەرێگەی دەزگاكانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە وەك كاری هەمیشەییان ئەو هەوالانەیان بەدرۆ خستەوەو رایان گەیاند ئەوە بەكرێگیراوانی دژی شۆڕشن چاویان ئەو سەرزەمینە نابینێت كە ئەوان تیایدا مەلیكن، چاویان ئەو هەمو خزمەت گوزارییە نابینێت بەخەڵكە خۆشەویستەكەی شاری هەولێر كراوە.
ئاخر خەڵک لەو شارە لەسەر نازو نیعمەت دەژین و لە هیچ شتێكیان كەم نییە و، ئەوەی بۆ ئەوان كراوە لە تەوەقوعاتی خەڵكك خۆی زیاترە و هەرگیز باوەڕناكەن خەلك خۆیان( بێئەقل )بكەن لەدەسەڵاتی (خوادا)یانەی حیزب و حكومەت هەڵگەڕێنەوەو بێنە سەر شەقام.
ئەوە بۆ خەڵك تازە نیە چۆن هێزە چەكدارەكانی ئەم حیزب و حكومەتانە بەئیسلامی و(میلمانیان)ە وە چۆن لەو ساڵانەی دەسەڵاتیاندا بەهەمو شێوەیەك نارەزایەتیەكانی خەڵكی كوردستان خەفەو سەركوت دەكەن و ناهێڵن هەر هیچ نەبێت دەردی دڵی خۆیان بۆ شەكامەكان هەڵرێژن،سەركوت و تۆقاندن هەتا ڕادەی تەقە كردن لەخەڵك وكوشتنی خەڵكی خۆپیشاندەر و زیندانیكردن و پاكانە پێكردنی لە كارێك كردونی.....هەتا تیرۆركردنی نەیارەكانی خۆیان،نمونەی ئەمانەش زۆرن.........!!
با نەگەڕێینە وە بۆ دور تەنها ئە ڕوداوانەی ئەم چەند مانگەی ڕابردو بە نمونە بهێنینەوە چۆن لەچەند شاری كوردستان دا خۆپیشاندان كراوە و ، لەرێگەی هێزەكانی ئاسایشەوە سەركوت كراونەتەوە..نمونەی هەولێر ،سلێمانی،كەلار ،ڕانیە،دهۆك،وشوێنە جیاجیاكانی تری كوردستان،چۆن لەهەمو ئەم شوێنانە خەڵك بە شێوەی جیاواز سەركوت كراوەو دارو فەلاقەیان بۆ نەیارەكانی خۆیان داناوە،بەبیانوی ئەوەی ئەمانە گێرە شێوێنن وئیجازەیان نیە،و لەخۆشیدا هاربون و دێنە سەر جادە ، چۆن دەبێت خەڵك لە دەسەڵاتی ئاسمان ی ئەوان ناڕازی بێت،و دەنگ بەرز بكاتەوەو داوای باشتر، كردن بكات......!
پارێزگای هەولێردەفەرموێت ،كەس خۆی بێئەقڵ نەكردوە خۆپیشاندان ساز بكات هەركەسێكیش ،خۆپیشاندان ساز بكات ڕێگە پێدراوە بەمەرجێك داوای مۆڵەت بكات و هەرچی چەك و جبەخانەی وەك قەڵەم وكاغەز و لافیتەو شتی تریان هەیە تەسلیم بەلیژنەی پشكنین لەدەزگای ئاسایش بكەن ،لێكۆلینەوەی پێویست لەهەڵوێست و مەوادە قاچاخەكانیان بكرێت.!!

دەبێت بەهیچ شێوەیەك باس لەدەسەڵاتە تۆز لێنیشتووەکەی ئەوان نەکەن وهەرچی ووتاف و ووتنەوەیەکیان هەیە لە خزمەتی حیزب و تایەفەی دەسەڵاتی ئەواندابێت.
لەولایشەوە كاك( جەمال عەبدولا) لە ڕاگەزاندنی تایەفەکەی ئەولا ،سلێمانی ڕێگە بە خەلك نیشان دەدات چۆن خۆپیشاندان بکەن ،چۆن بێنە سەر شەقام و چۆن داواکاریەکانیان پێشکەش بکەن بەو دەسەڵاتەی پەلکەی رەش و سپی لەبواری بەڕێوە بردن و ئیدارەکردن دا هۆنیوەتەوە ، ناکرێ ونا بێت گەنجانێکی( بێئەقڵ)تازە پێگەیشت وبێ سەلیقە بە هەڵچونێکی گەنجانەوە دێنە سەر جادەو لە دژی حیزب وحکومەت ووتاف دەکێشن و بەرپرسە بەڕ ێزەکان نیگەران دەکەن ،و کارنامەی پڕ لە سەروەری و پیرۆزیان دەخەنە ژێر پرسیارەوە.
ئەم بەڕێزە دەڵێت ناکرێ ونابێت بە هیج شێوەیەک لێپێچینەوە لەدەسەڵات بکرێت و پێی بوترێت بەری چاوت خۆڵی پێوەیە.
ئەم جەناب عالیە بە هەمو لێبوردنی خۆیەوە هەمو خەڵکی کوردستان بە گێل و خەڵەفاو لە قەلەم دەدات و وەسف دەکات و بەتایبەت خەڵکی شوێنە گەرمەکان ی وەك گەرمیان و کەلار هۆکەیشی دەگەڕێنەتەوە بۆگەرمیەکەی لەسە ر شاشە ی کوەدسات،وە بەبێ شەرم ئەم کەلە شەکرەی شکاند.
نارەزایەتی و خۆپیشاندان ئەم بەڕێزە زۆر نارەحەت و قەلس دەکات و حەساسیەتی پێ دەکات،تا کار گەیشتە ئەوەی نوێترین داهێنان بدۆزێتەوە کە ئەگەر خاوەنی هەبوایە خەلاتی باشترین نوسەری دژە خەڵکی وەردەگرت،،ئاو نی یە ، بەڵێ هەیە، کەمە،، کەم نی یە ،ئاخر پیسە،،.!! نەوت نی یە،، بەڵێ هەیە،،کەمە، کەم نیە،ئاخر گرانە،،!! سەیری ئەم داهێنانە نوێ یەبکەن،ئەگەر جوان سەرنجی بدەین ئەو راستیانەمان بۆ ئاشکرا دەبێت،دەسەڵات چۆن بە چاو سور کردنەوە لە خەڵك دەتوانێت هەڵوێستی لە سەدا سەد بەرامبەر داخوازیەکانی خۆی بگۆڕێت و پاکانەی پێ بکات،ئاخر ئەمە بۆ خەڵك شتێکی سەیرو سەمەرە نی یە، هەتا جەنابتان بە لولەی چەك جوابی داخوازی یەکانی خەلك بدەنەوە، و خاوەنی زیندانەکانی وەك ،ئاکرێ، قەڵاچۆلان،محەتەی هەولێر،مەعەسکەر سەلام،،هتد،بن ئەو هاوکێشە نوێ یەی جەنابتان بەردەوام دەبێت،خەڵك ناتوانن داخوازیە سەرەتای یەکانی خۆیان پێشکەش بەجەنابتان بکەن.
هەرچی دەسەڵاتی هەولێر یشە ئەسڵەن پێی عەیبە وجودی بونی نارەزایەتی و خۆپیشاندان لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا دان پیادا بنێت ،چونکە ئەم دەسەڵاتە ئیلاهیە لەلایەك پێی وانیە کەس لەدەسەڵاتی موبارەکی ئەوان نارازی بێت،لەلایەکی تر ئەسڵەن هەر رێگەنادات خوانەخواستە بەڵایەکی وا ڕو بدات،وەك فێربووە پێش وەخت سەنگەر لە شوێنی ئەگەرەکە لێ دەدات.
بەڕاستی ئیتر کاتی ئەوە ها تووە ئەم حەزیانە لە کۆڵ خەڵك بنەوە و کۆتای بەسەرکوت و تۆقاندنی خەڵکێک بێنن، کە سەرتاپای ژیانیان لە سایەی دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکانی ئەو مەملەکەتەوە پڕە لە چەوساندنەوەو ترس و تۆقاندن ،کاتی ئەوە هاتوە ئەو ئەقڵە تێك بشکێنرێت کەوەك و ،توتن،ی زینان دەقی گرتووەو چاوەڕوانی نەرم بونی لێ ناکرێت،کاتی ئەوە هاتووە دەسبەرداری بەتاڵان بردن و ڕوتاندنەوەی سەروەت و سامان ی خەڵکێك بێنن کە بە هەمو عومریان ڕەنجیان کیشاوە دەسەڵات لوشی کردووەو ئەوان بەخاوەنی هیچ نەبون.
بەڕاستی کاتی ئەوە هاتووە سڵاوات لە دەسەڵاتی ئەمانە بدرێت و،خەڵك بۆ خۆی بیربکاتەوەو ژیان و چارەنوسی خۆی دیاری بکات.